Göteborgs Stad

بۆ ئەوانەی کە شوێنێکیان لە پێشخوێندنگاکانی
ئەنگرێددا وەرگرتووە

# دڵشادی و بەرەنگاربوونەوە
# - بوون بە دایکوباوکی منداڵی بچووک لە ڕۆژی ئەمڕۆدا

**ئایا تۆ منداڵت هەیە تەمەنی لەنێوان یەک بۆ پێنج ساڵدا بێت؟ کەواتە بەخێرببێت بۆ بەشداریکردن لە گروپێکی دایکوباوکاندا بۆ هەموو دایکوباوکانێکی منداڵی بچووک لە ئەنگرێد .**

گروپی دایکوباوکان پێنج جار کۆدەبنەوە و تۆ دەتوانیت ئەو دەمە چاوت بە دایکوباوکی تر بکەوێت، ئەزموونەکانتان بگۆڕنەوە و باس لەوەش بکەن کە بوون بە دایکوباوکی منداڵی بچووک لە ڕۆژی ئەمڕۆدا چۆنە. لە چاوبەیەککەوتنەکاندا بواری ئەوە هەیە زیاتر خۆت لەسەر گەشەکردنی منداڵ فێرکەیت و وە ڕێنمایی وەرگریت چۆن یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت.

ئێمە بە دوو گرووپی جیاواز چاومان بەیەکتر دەکەوێت، گروپێکیان بۆ ئەو دایکوباوکانەیە کە تەمەنی منداڵەکانیان لە یەک بۆ 2,5 ساڵە و گروپێکی تریش بۆ ئەو دایکوباوکانەی کە منداڵەکانیان تەمەنی لەنێوان 2,5 بۆ پێنج ساڵدایە. هاتن بە خۆڕاییە و لە میانەی چاوپێکەوتنەکاندا بواری ئاگالێبوونی منداڵیش هەیە ، تەنانەت بۆ خوشکوبراکانیشیان.

ئێمە لە ناوچەی پێشخوێندنگادا کۆدەبینەوە و وە ئەوە کارمەندانی پێشخوێندنگان کە ڕابەرێتی گروپەکان دەکەن.

ئەو کتێبی دایکوباوکێتیەی کە لە میانەی کۆرسەکەدا وەریدەگرن بە عەرەبی، فارسی، صۆماڵی، سۆرانی، پۆڵۆنی، سێربی، کرواتی و ئینگلیزی هەیە. لە میانەی هەموو خوێندنەکەدا بواری دابینکردنی موتەرجیمش هەیە.

پێشخوێندنگا پەیوەندی بە تۆوە دەکات، کاتێک گروپەکان پێکدەهێنرێن.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە ئێللی ساموێلسنەوە (Elly Samuelsson)بکە بە ژمارە تەلەفۆنی:25 25 365-031
یان بە ئیمەیڵی: elly.samuelsson@angered.goteborg.se

زیاتر بخوێنەرەوە لە

**www.goteborg.se/gladjeutmaningarangered**

Göteborgs Stad Grafiska gruppen 161006-009-131 Tryck: Lenanders Grafiska AB December 2016 SORANI